سەرۆک وەزیران: لەگەڵ تورکیا ڕێککەوتنی جەراوجەرمان واژۆ کردووە

محەمەد شیاع سودانی ڕایگەیاند، لەگەڵ تورکیا ڕێککەوتنی جەراوجەرمان واژۆ کردووە گرنگترینیام دەسیەی ئاوە و بە بنیادنانی پرۆژە بەی و ڕەکخستنەوەی شەوازی ئیدارەدانی ئاوی روباری دیجلە و فورات، ئەو ڕەککەوتننەش بە ماوەی 10 ساڵ بەردەوام دەبێت.

محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، دراوسێیەتی نێوان عێراق و تورکیا وەنێیەکی نایابی هەبوە، سیاسەتمان ئاەنگاریێکان بەرەو هەلی سەرکەوتن لە زەربەی بوارەکان دەبات، هەروەها بنەمای ڕونیان هەیە کە پێیوەندی ئەرەنی لەگەڵ هەمو وەاتان دروست دەکات.

ئاماژەی بەوەشکرد، ڕەککەوتنی ستراتیژی لە نێوان عێراق و تورکیا واژۆ کرا کە دەبێتە نەخشەڕەگایەکی ستراتیژی پتەو لە زەربەی بوارەکان، لە ڕەگەی ئەو ڕەککەوتنەوە چەند لیژنەیەک لە بوارەکانی، ئابوری، وزە و ئەمنی دروست دەکرێت

سودانی ئەوەشی خستەو، لەبارەی دەسیەی ئاو ڕەککەوتنەکیان واژۆ کردوە کە کار بە بنیادنانی پرۆژەی

تایبەت بە ئیدارەدانی ئاوی روباری دیجلە و فورات دەکات، هەروەها توێژینەوەیان لەبارەی هەماهەنگی ئەمنی هاوبەش کردوە کە پەویستی هەردو وەلات دابین دەکات و روبەروی ئەو ئاڵنگاریانە دەبەتەوە کە بەهۆی چەند گروپێکی چەکدارییەوە دروستبون کە لەوابەیە لەگەڵ تیرەرستان پەیوەندیان هەبەت.

لەلایەکی دیکەوە رەجەب تەیب ئەردەگان سەرۆک کۆماری تورکیا رایگەیاند، عەراق دراوسێکی گرنگی تورکیایە، ئیرادەیەکی بەهێزی سیاسییان هەیە بە هاندان و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ عەراق، ئەو رەکەوتنانەی کەمەک لەمەوبەر واژەیان کرد، خاڵێکی وەچەرخانی نوێ لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و بەغدا دروست دەکەن.

ئاماژەی بەوەشکرد، بەیاریان داوە لیژنەی هاوبەشی هەمیشەیی بە کارکردن لە بوارەکانی بازرگانی، ئاو، ئابوری، سەربازی و ئەمنی دروست بکەن، یەکێک لە رەکەوتنەکانیان بە بەرەنگاربونەوەی رەکخراوی گیولەنی تیرەرستی بوە، جگەلەوەش گفتوگۆیان لەبارەی هەنگاوە هاوبەشەکانی عەراق و تورکیا بە بەرەنگاربونەوەی پەکەکە کردوە، هەروەها دەیانەوەت ئاوگەی بازرگانی نێوان هەردو وەلات بە سەرو 20 ملیار دۆلاری ساڵانە زیاد بکەن.